ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران هەڕەشەکردن لە سەر ئیسرائیل بڵاوکردەوە

ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستگۆ (وعدە صادق) ئاگاداریەکی نوێ بڵاو کردەوە.

هەڕەشە بەرفراوانی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سوپای پاسداران بە سەر ئیسرائیل، بەزاندنی هێڵە سوورەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە بە پشتبەستن بە مادەی ٢ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

هێزە چەکدارەکانی ئێران بە پشتبەستن بە مادەی ٥١ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستگۆیان بەڕێوە برد و ئێرانیش بە مەبەستی دەستبەرکردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، کەمترین هێنگاوی سزای پێویستی لە دژی دەستدرێژکاری ئیسرائیل گرتووەتەبەر.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا تەنیا بنکەی هەواگری و سەربازی ئاسمانی ئیسرائیل کرایە ئامانج و هەرش بە سەر ژێرخانی ئابووری نەکرا و لە ئێستادا هیچ چالاکیەکی دیکەی سەربازی لە بەرنامەی ئێراندا نییە.

وتیشی ئیسرائیل ئەگەر بیەوێت بە هەر ئامرازێک و لە هەر ئاستێکدا درێژە بە کارە خراپەکانی دژ بە ئێران بدات، لانیکەم ١٠ هێندەی هەمان وەڵام وەردەگرێتەوە.